

# نهێنییەکانی شاعیرێك لە "تووتنی چرووت" دایە




**پەسار فایەق**
**رووداو- هەولێر**

"تووتنی چرووت" نوێترین بەرهەمی شیعریی دڵشاد عەبدوڵڵا، نووسەر و شاعیرە کە درێژەی بە ئەزموونی شیعری خۆی داوە.

دڵشاد عەبدوڵڵا، بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "ئەم بەرهەمە درێژە پێدەری ئەزموونی پێشوومە، بەڵام ئەمجارەیان چڕوپڕترە و هەوڵمداوە بە کەمترین وێنە و وشە بە مەبەستەکانم بگەم".

گوتیشی: "بابەتی شیعرەکان هەمەجۆرن، بەشێکی گێڕانەوەی ژیانی رۆژانەی خۆمە و ئەوەی دیکەیان بابەتی هاوبەشن لەگەڵ کەسانی دیکە".

ئەم بەرهەمە ئەزموونی دوو ساڵ کارکردنی دڵشاد عەبدوڵڵایە و لەسەر ئەرکی خۆی بەچاپی گەیاندووە.

نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا تیشکی خستووەتە سەر بەشێک لە ژیان و چالاکییەکانی و زیاتر باسی لە پڕۆژەیەکی شیعری بەناوی ژمارە (3) کردووە کە جگە لە خۆی هەریەک لە ع.ع.یوسف و جەلال بەرزنجی تێیدا بەشداربوون.

دڵشاد عەبدوڵڵا لە پایزی 1956 لە هەولێر لەدایکبووە، بکالۆریۆسی لە زانستی کشتوکاڵ هەیە. یەکەم کتێبی لە 1992 بەناوی "جوانییەکان و چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بەفرنووس یا باوباڵەکان" بڵاوکردووەتەوە، 18 بەرهەمی ئەدەبی بە چاپ گەیاندووە، جگە لە چوار کتێب لە بواری رۆژنامەڤانی و ئەزموون. سێ کۆمەڵە شیعری کراون بە عەرەبی. ساڵی 2007 خەڵاتی دەزگای ئاراسی بۆ کتێب وەرگرتووە.

# چوار کتێبی ستیڤان شەمزینی چاپ و بڵاودەکرێنەوە




**ئا: سیروان عەباس**

نووسەر و شاعیر ستیڤان شەمزینی نوێترین بەرهەمەکانی خۆی چاپ و بڵاودەکاتەوە کە پێکهاتوون لە چوار کتێبی ئەدەبی و بیرەوەری.

ستیڤان شەمزینی بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند کە چوار کتێبی چاپکراون و ئامادەی بڵاوکردنەوەن و رۆژی 19ی ئاب لە ماڵی وەفایی لە شاری هەولێر واژۆیان لەسەر دەکات.

سەبارەت بە کتێبەکان، شەمزینی گوتی: "دوو لە کتێبەکانم شیعرن، یەکێکیان بە ناوی (بە تیشکی عیشقت دەدرەوشێمەوە) کە لە دەیان پۆستەرە شیعر و چەندین قەسیدە پێکهاتووە و 145 لاپەڕە دەبێت. کتێبی دووەمیش ناوی (دەستنووسێکی کۆنی عیشق)ە کە لە 23 شیعر پێکهاتووە".

یەکێکی دیکە لە کتێبەکانی شەمزینی ناوی "فلاش باک"ە و بیرەوەریی رۆژانەی خۆیەتی، وەک باسی لێوە دەکات، دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆی لە نێوان ساڵانی 2001-1997 کردوونەتە کتێبێکی 144 لاپەڕەیی.

"تیڕوانینی سێیەم" ناونیشانی کتێبێکی دیکەی ستیڤانە کە باس لە رەهەندەکانی ژیان و سیاسەت لە جڤاتی کوردی دەکات و کۆکراوەی ئەو هەڤپەیڤینانەن کە لەگەڵ خۆیدا کراون لە نێوان ساڵانی 2017-2006 .

ستیڤان شەمزینی، ساڵی 1976 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، ئێستا لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا دەژی و تاوەکو ئێستا نۆ کتێبی چاپ و بڵاوکراونەتەوە.



# جولی ڕۆمانێك دەکاتە فیلم

## تاوانەکان لە بیرەوەریی منداڵێکدا دەخاتەڕوو

**رووداو- ئاژانسەکان**

نوێترین فیلمی ئەنجلینا جولی، خانمە ئەکتەر و دەرهێنەری سینەمایی بەناوی "یەکەمجار باوکمیان کوشت: بیرەوەریی منداڵێک لە خەمیری سوور" لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە تۆرێنتۆ نمایش دەکرێت.

بڕیارە ئەم بەرهەمە سینەماییە کە جولی کاری دەرهێنان و بەرهەمهێنانی بۆ کردووە، لە 15ی ئەیلولی ئەمساڵدا لەڕێگەی خزمەتگوزاریی نتفلێکس بڵاوبکرێتەوە، هەر لەو مانگەدا لە فێستیڤاڵی تۆرێنتۆ لە کەنەدا نمایش دەکرێت.

چیرۆکی فیلمەکە لە رۆمانێک بە هەمان ناو وەرگیراوە کە لە نووسینی وۆنگ ئۆنگ، چالاکڤانی مافی مرۆڤە و تێیدا تیشک دەخاتە سەر رۆژگاری دەسەڵاتی رژێمی خەمیری سوور لە کەمبۆدیا لە نێوان ساڵانی 1975 تاوەکو 1979 کە ملیۆنان کەس بوونە قوربانی.

فیلمەکە تاوانەکانی ئەو سەردەمە لەڕێگەی بیرەوەرییەکانی منداڵێکەوە دەخاتەڕوو. ئەم بەرهەمە بۆ یەکەمجار لە 18ی شوباتی ئەمساڵ لە ناوچەی شوێنەواریی ئانگۆر لە کەمبۆدیا نمایش کرا.

جولی هەرچەندە وەک ئەکتەرێک ناسراوە، بەڵام لەم چەند ساڵی دواییدا رووی لە کاری دەرهێنانی سینەمایی کردووە و تاوەکو ئێستا چوار فیلمی وەک دەرهێنەر هەیە، یەکەم فیلمیشی وەک دەرهێنەر بەناوی "لە خاکی خوێن و هەنگویندا" بوو.

# سڤێتلانا لەناو جەنگەڵەکانی جەنگدا!








نووری بێخاڵی

سڤێتلانا ئەلێکسیڤیچ (ڕۆژنامەنووس و نووسەر)، ساڵی 1948 لە شاری ئیڤانۆ – فرانکیفسکی، لە ڕۆژئاوای ئۆکراینا لەدایک بووە. یەکەم بەرهەمی چاپکراوی، لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا بوو. ئەمڕۆش بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر دەیان زمانی زیندووی جیهان. بەرهەمەکانی ئەم ژنە نووسەرە، زێدەتر دەچنە خانەی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی کە دواجار لە میانی دەقی ئەدەبی و بەتایبەتی ڕۆماندا، دایڕشتوونەتەوە. سڤێتلاتا لە پای نووسین و بەرهەمەکانی، ساڵی 2015 خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێ بەخشرا.

بەبۆچوونی شارەزایانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی و ئەوانەی کار و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کارەکانی سڤێتلانا کردووە، ئەو لە زمان و شێوازی گێڕانەوەکانیدا، لەژێر کاریگەریی (گۆگۆڵ و دۆستۆیڤسکی) دایە و درێژکراوەی هەمان قوتابخانەی ئەوانە.

خاڵی سەرنجڕاکێش لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا کە بۆ چەندین زمانی زیندوو وەرگێڕدراون، ئەوەیە کە تەواوی نووسینەکانی بابەتی ڕۆژنامەنووسین. بابەتگەلێکن بەرهەمی دیمانە و هەڤپەیڤینی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کاراکتەرەکانی ناو ڕووداوەکان و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسین، دواجار لە توێی دەقێکی ئەدەبیی ناوازەدا دایڕشتوونەتەوە. هاوکات ئەو ڕووخسارەی کە بەرهەمەکانی ئەم ژنەی پێ لە نووسەرەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە، کارکردنیەتی لەناو جەنگ. جەنگ و ڕووداوەکانی، جەنگ و قوربانییەکانی، جەنگ و دەرهاویشتەکانی، جەنگ و ڕەهەندە سایکۆ – سۆسیۆلۆژییەکانی. واتە لە بەرهەمەکانیدا جەنگ و لەناویدا مرۆڤەکان، چەقی باس و گێڕانەوەن. گێڕانەوەیەکی وەهمی نا، گێڕانەوەیەک نا کە نووسەر لە خەیاڵی خۆیدا وێنای دیمەن و ڕووداوەکان و کاردانەوەیان لەسەر مرۆڤەکان کردبێت، بەڵکو گێڕانەوە لە دەمی کاراکتەرە ڕاستەقینەکانی ناو ڕووداوەکانی جەنگ خۆیان.

## • "شەڕ ڕوخسارێکی مێینەیی نییە"

ئەم ناونیشانە، ناوی یەکێک لە ڕۆمانەکانیەتی، لەم بەرهەمەیدا، نووسەر چیرۆکی ئافرەتەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو دەگێڕێتەوە کە بەشداری جەنگی دووەمی جیهانییان کردووە. بۆ ئەم نووسینەی، گفتوگۆی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سەدان لەو ئافرەتە سۆڤیەتیانە کردووە کە بە ئەرکی جیاواز، بەشداری جەنگەکە بوون. ئەگەرچی ئەم تەرزە نووسینە لە دونیای ئەدەبدا نوێ نییە، بەڵام بۆ سڤێتلاتا کە ئەو کاتەی نووسیویەتی تەمەنی (35) ساڵ بووە، سەرنجڕاکێش و لە ئاستێکی بەرزدا بووە. هەر بۆیە هەندێ لە نووسەران، بەرهەمەکانی ئەم ژنە ڕۆژنامەنووسە وەک شاکار دەنرخێنن. بە تایبەتی لە شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکان و زمانی داڕشتنەوەیان و ئەو خەیاڵە هونەرییەی تێیاندا بەرجەستەی کردووە. وەک ئەوەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیاندا، وا هەست دەکات، بۆ خۆی لە مەیدانی جەنگەکان و لەناو نەهامەتییەکانە و پێ بەپێی سەختییەکانی جەنگ ڕێ دەکات.

ئەگەرچی ئەم بەرهەمەی لە ساڵی 1983 دایە خانەیەکی چاپ و پەخش، بەڵام تا دەرکەوتنی بیرۆسترۆیکا، ڕۆشنایی چاپی نەبینی. هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەیشی، نووسەرەکەی ڕووبەڕووی چەندین تۆمەت و ناوزڕاندن بووەوە. لەگەڵ ئەمەشدا لە پای ئەم بەرهەمەی خەڵاتی فەرمیی (گەنجانە)ی لە یەکێتیی سۆڤیەت پێ بەخشرا و دواتریش بۆ چەندین زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدرا، تەنانەت وەک کارێکی شانۆییش (کە هەر نووسەرەکە خۆی سیناریۆکەی داڕشتبووەوە)، لەسەر تەختەکانی شانۆ و شاشەکانی سینەما پەخش کرا.

## • "ڕۆڵەکانی زینک، یان کوڕەکانی ناو تابووتی زینک"

ئەگەرچی ئەم ڕۆمانەشیان گێڕانەوەی ئەزموونەکانی جەنگە، بەڵام جیاوازتر لەوەی پێش خۆی، سەربووردەی داگیرکاریی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئەفغانستان (1979 – 1989) بوو. ئەو شەڕەی کە سوپای سووری سۆڤیەت چووە ناو ئەفغانستان و ساڵانێکی زۆر خوێنی مرۆڤی تێدا ڕژێندرا. بە گوێرەی قسەکانی نووسەر خۆی لەبارەی ئەم کارەیەوە، ئەمە بەرهەمێک بوو بەری ژانێکی سەخت و ئازارێکی تاقەتپڕووکێن. بەو پێیەی سڤێتلانا بە درێژایی چوار ساڵ و لە ناوچە جیاوازەکانی ئەفغانستان کە شەڕیان تێدا بوو، لە زاری شایەتحاڵەکانەوە، خەریکی کۆکردنەوەی چیرۆکەکان بووە و دیمەنەکانی کردوونەتە بابەتی ئەم نووسینە.

هاوکات لایەنێکی دیکەی ڕووداوەکانی ئەم نووسینە و چیرۆکەکانی ناوی، تیشک دەخەنە سەر ئەو ترسە شاراوەیەی کە ناو هەموو خێزانێکی سۆڤیەتیی گرتبووەوە، بەتایبەتی ئەو خێزانانەی کوڕیان هەبوو. ترس لەوەی کوڕەکانیان بنێردرێنە بەرەکانی جەنگ لە ئەفغانستان و دواجاریش تەرمەکانیان لەناو (تابووتی زینک) بگەڕێندرێنەوە یەکێتیی سۆڤیەت. (کوڕەکانی ناو تابووتی زینک) گێڕانەوەی چاوەڕوانییە کوشندەکانی هاتنەوەی جەستەی سارد و سڕی گەنجەکانی یەکێتیی سۆڤیەتە. ئەو چاوەڕوانییە کوشندەیەی، وەک ترس و بیم و سام، چووبووە ناو هەموو ماڵێکەوە. ئەم بەرهەمەی نووسەر، هاوشێوەی بەرهەمەکەی پێشووی، هەر بە زوویی دەنگی دایەوە و بۆ زمانەکانی ئەڵمانی، ئینگلیزی، فەڕەنسی و ژاپۆنی وەرگێڕدرا.

## • "بە مەرگ سپێردراو"

چیرۆکەکانی ئەم ڕۆمانەی نووسەر، دیمەنی تراژیدیی دوای کۆتایی جەنگەکان بوون. چیرۆکەکانی خۆکوشتن، وەک بەشێک لە دەرهاویشتەکانی دوای جەنگ، یان جەنگەکان. دیمەنی خۆکوژییەکانی مرۆڤ کە بەرهەمی ئەو گۆڕانە لە پڕ و ناکاوانەی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بوون کە پارچە پارچەبوونی یەکێتیی سۆڤیەت بەدوای خۆیدا هێنانی. ئەم نووسینە ئەدەبیەشی کە دیسان بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەوانی بوو، چەقی باسەکانی ئەو کاراکتەرانە بوون کە پەنایان بۆ خۆکوشتن بردبوو، بەتایبەتی دوای لێکهەڵوەشانەوەی ئەم وڵاتە پان و پۆڕە و دەرهاویشتەکانی. ئەم بەرهەمەی نووسەر بە زمانی ڕووسی بڵاوبووەوە و بە ماوەیەکی کەم وەرگێڕدرایە سەر چەندین زمانی دیکە.

## • "نوێژێک لە پێناو چێرنۆبڵ"

کارەساتی ئەتۆمیی چێرنۆبڵ لە ساڵی 1986 لای زۆربەمان ئاشنایە. خودی نووسەر بە هۆی ئەم ڕووداوەوە خوشکێکی لەدەست داوە و دایکیشی بینایی هەردوو چاوەکانی. ئەم کارەساتە و ڕووداو و قوربانییەکانی، لە یادەوەریی نووسەردا بە زیندوویی مانەوە، تا دواجار لە توێی ئەم دەقە ئەدەبییەدا یاداشتی کردن و وەک بەشێک لە مێژووی دڕندەیی مرۆڤ، دڕندەیی تەکنەلۆژیای کوشتن، هەروەها وەک بەشێک لە مێژووی وێرانکارییەکانی جەنگ، لە توێی ڕۆماندا، تۆماری کردن. لەم بەرهەمەیدا سڤێتلانا بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی خۆی و ژانی لەدەستدانی ئازیزانی، هاتووە بە وردەکارییەکی زۆر لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بە زمانێکی سەرنجڕاکێش، نەفرینی تەکنەلۆژیا وێنا دەکات و دڕندەییەکانی دەگێڕێتەوە. سەرەڕای ئەو دەرهاویشتە و شوێنەوارە تراژیدییانەی ئەم ڕووداوە ئەتۆمییە، لە دەروونی مرۆڤایەتیدا جێیهێشتن، بە تایبەتی ڕزگاربووەکان، وێڕای سەلیقەی نووسەر لە دووبارە زیندووکردنەوەی دیمەنەکان لە توێی دەقێکی ئەدەبیدا، سەرباری وەرگێڕانی بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، ژاپۆنی، سویدی و ئۆکرانی، هاوکات ڕۆمانەکە یەکێک بوو لەو پەرتووکانەی کە لە ئەمریکا دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا و بەهۆیەوە خەڵاتی کۆمەڵەی ڕەخنەگر و ئەدیبانی ئەو وڵاتەی پێ بەخشرا.

نووسەر هاوشێوەی کارەکانی دیکەی، لەم بەرهەمەشیدا، بە درێژایی دە ساڵ و لە ماوەی جیاوازدا، سەردانی شوێنی ڕووداوەکەی کردووە و دیمانەی لەگەڵ زیاتر لە 500 کەسی ڕزگاربووی دەستی کارەساتەکە کردووە، تا ئەم کارەی لێ بەرهەم هێناوە.

## • "سەردەمی کەلوپەلە بەکارهێنراوەکان"

سڤێتلانا لەم بەرهەمەیدا باس لە هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت دەکات و وەک خەسڵەتی هەمیشەیی خۆی لە نووسیندا، لە میانی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسیدا، بە دەمی ئەوانە قسە دەکات کە لە ژیاندا ماونەتەوە، یان ڕاستتر، مافی قسەکردنی بەوانە داوە کە دوای ئەو هەموو جەنگ و وێرانکارییانەی وڵاتەکەی، لە ژیاندا ماون. ئەوەی جێی سەرنجە، لە پای ئەم بەرهەمەی، خەڵاتی (ئاشتی) لە لایەن یەکێتیی ئەڵمانی بۆ بازرگانیی کتێب، هەروەها مێدالیای (هونەرەکان و ئەدەبی) فەڕەنسی وەرگرت. تەنانەت هەر ئەم پەرتووکەی بوو کە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لەوەی سڤێتلانا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ کاندید بکرێ و دواتریش لە ساڵی 2015 خەڵاتەکە وەربگرێ.

## • سڤێتلانا و خەڵاتی نۆبڵ

دەربارەی هۆکاری بەخشینی نۆبڵ بەم ژنە نووسەرە. ئەکادیمیای سویدی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کەوا لەسەر ئەو بنەمایەی سڤێتلانا چەندین تابلۆی مرۆیی نەخشاندوون کە بەهۆیانەوە تێگەیشتنمان بۆ سەردەمەکەمان قووڵتر دەکەنەوە، هەروەها لە ڕێگای نووسینە هەمەڕەنگەکانی کە تێیاندا ئێش و ژان و ئازایەتییەکانی ئەم سەردەمەمانی وێنا کردووە، هاوکات جۆرێکی نوێی لە ئەدەب بەرهەم هێناوە کە تێیدا نەک تەنیا لە کەرەستەی نووسینەکە، بەڵکو لە ڕوخساریشدا، سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەی تێدا بەدەست هێناوە، کەواتە سڤێتلانا شایستەی ئەم خەڵاتەیە.

## • سڤێتلانای خائین!

ئەم نووسەرە ژنە لەسەر نووسینەکانی تووشی زۆر هەڕەشە و مەترسی و چەرمەسەری بووە. هەروا بە ئاسانی و بەبێ دەردی سەری، خۆی و نووسینەکانی بەم ئاستەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەران و بایەخی ڕەخنەگران نەگەیشتوون، بەتایبەتی لە پەیوەست بە قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە هەستیارانەی لە مێژووی یەکێتیی سۆڤیەت و جۆری مامەڵەی دەوڵەت لەگەڵ ڕووداوەکان و چۆنێتی کاریگەرییان لەسەر ژیانی گشتیی خەڵک هەیبوو. تا ئەوەی، بە گوێرەی قسەکانی (جیرارد هوار)، لە خانەی چاپ و پەخشی (دۆبل دای)، وەک کەسایەتییەکی خیانەتکار و نانیشتمانی سەیری سڤێتلانا دەکرا، بەتایبەتی دوای چاپ و بڵاوبوونەوەی پەرتووکی کوڕەکانی زینک.

## • سڤێتلانا، کەرەستە و شێوازی نووسین

سەبارەت بەو شێوازەی لە نووسینەکانیدا پەیڕەوی لێ دەکات کە تێکەڵەیەکە لە ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، سڤێتلانا دەڵێ: "سروشتەکەیم لە گێڕانەوەی چیرۆکئامێزی کلاسیکیی ڕووسی وەرگرتووە. بڕیارم دا لەو ماددە خاوانەی کە بە دەوروبەرمدا پەرش و بڵاوببوونەوە، بە جۆرێک هەر کەسێک دەقێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، چیرۆکەکانی شەقام کۆبکەمەوە".

هاوکات ئاماژەی بە ویست و خواستی خۆی داوە بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی ئەدەبی کە لە ڕێگایەوە بتوانێ ژیان و دەنگ و ڕەنگی خەڵک لە چەقی ڕووداوە مێژووییەکاندا وێنا بکات و دەنووسێ: "بە شوێن جۆرێکی ئەدەبدا دەگەڕێم کە لەگەڵ ڕوانگەم بۆ جیهان بگونجێ. بۆ ئەوەی ئەو شتە بۆ خوێنەر بگوازمەوە کە چۆن گوێیەکانم دەیانبیستن و چاوەکانم دەیانبینن. هەوڵم دا ئەم کارە بکەم، دواجار شێوازێکم هەڵبژارد کە تیایدا خەڵک خودی خۆیان بدوێنن. واتە من مێژوویەکی وشکی ڕووداو و ڕاستییەکان ناگێڕمەوە، بەڵکو مێژوویەک بۆ هەستە مرۆییەکان دەنووسمەوە".

زێدەتر دونیابینی و تێگەیشتنی خۆی بۆ شێوازی نووسین دەخاتە ڕوو و دەڵێ: "تا ئێستاش لە ماڵەکەم، لە بیلاڕووس دەنووسم، بۆ ئەوەی بتوانم گوێم لەو قسانە بێت کە خەڵک لە شەقام، لە قاوەخانەکان، یان لە ماڵە دراوسێکان دەیکەن. بەردەوام گوێم بۆ قسەی دراوسێکەمان ڕادەدێرم، ئەگەر گوێ لەو دەنگانە ڕانەگرم، ڕیتمی نووسینەکانم ڕاستەقینە نابن. بۆیە هەرگیز دوورکەوتنەوە لە خەڵک، بژارەیەکی باشی من نەبووە".

## • پەیامی نووسەر

سڤێتلانا دەیەوێ لە ڕێگای ئەم زمان و شێواز و نووسینەوە، لە میانی گێڕانەوەی ئەم دیمەن و ڕووداوانەوە، لە چوارچێوەی وێناکردنەوەی ئەم وێرانکارییانەی بەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ژیاندا هاتوون، یان هێنراون، پەیامێک بگەیەنێت و دەبێژێ: "شتێک کە زۆر ئازارم دەدا ئەوەیە، بۆچی هیچ شتێک لەم ئێش و ئازارانە فێر نەبووین؟ بۆچی ناڵێین، لەمڕۆ بەدواوە نامانەوێ کۆیلە بین؟ بۆچی بەردەوام و جار دوای جار، ئازار دەکێشین؟ بۆچی ئەوە قەدەر و چارەنووسمان بێت؟ بۆ ئەمە، من وەڵامێکم نییە، بەڵام دەمەوێ لە ڕێگای پەرتووکەکانم و وروژاندنی ئەم پرسیارانەوە، خوێنەرانم هان بدەم، تاکو بە قازانجی بەرژەوەندیی خۆیان، بیر لە وەڵامی ئەم پرسیارانە بکەنەوە".

> "سروشتەکەیم لە گێڕانەوەی چیرۆکئامێزی کلاسیکیی ڕووسی وەرگرتووە. بڕیارم دا لەو ماددە خاوانەی کە بە دەوروبەرمدا پەرش و بڵاوببوونەوە، بە جۆرێک هەر کەسێک دەقێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، چیرۆکەکانی شەقام کۆبکەمەوە"

> سڤێتلانا دەیەوێ لە ڕێگای ئەم زمان و شێواز و نووسینەوە، لە میانی گێڕانەوەی ئەم دیمەن و ڕووداوانەوە، لە چوارچێوەی وێناکردنەوەی ئەم وێرانکارییانەی بەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ژیاندا هاتوون، یان هێنراون، پەیامێک بگەیەنێت






# بیرەوەرییەکانی (فاروقی مەلامستەفا)... سەرنج و تێبینی



ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی

**ئەم کارە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەشداریکردنە لە هێشتنەوەی چەمکێ لە مێژووی ئەو دەوروبەرەی خاوەنەکەی، بەڵام لێرەدا ڕاستگۆیی مەرجی بنەڕەتی ئەم کارەیە**

برادەرێکم لەم دواییانەدا کتێبی (بیرەوەرییەکانی فاروقی مەلا مستەفا)ی دامێ بۆ خۆم، چونکە وەک گوتی: تاقەتی خوێندنەوەم نییە و کاتیشم نییە!

ئەمە کاریکاتێرێکی چەند مانگێ لەمەوبەری ناو فەیسبووکی بەیادهێنامەوە: پەیامنێری کەناڵێکی تی ڤی لە ورگنێکی سەر و سمێڵ قەترانی دەپرسێ: (بەڕێزتان جاران لە شاخ هەمیشە بەدوای کتێبدا وێڵ بوون، ئەی ئێستە؟) وەڵامی کابرای پۆشتە و بەرداخ: (وەڵلا ئێستە بەدوای دەفتەردا وێڵم)!!

دیاریەکەی کاک فاروق بۆ ئەو برادەرەم کە بە خەتێکی شینی جوان و ڕێزێک بۆی نووسیبوو، بەر من کەوت. هەرچۆنێک بێ، من دەمودەست هەر ئەو شەوە نیشتمە سەر خوێندنەوەی، ماوەی چەند ڕۆژێک لە نێو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی تایبەتی و سیاسیی ئەم پیاوە عیسامییەدا ژیام و ئەوەی سەرنجیشی ڕادەکێشام، وەک سەرە قەڵەم لەولاتر تۆمارم دەکرد.

ئەلهەقی شێوازی نووسینەوەی بیرەوەری هەر وا دەبێ، زمانێکی پوخت و ڕەوان، داڕشتنێکی سادە و ئاسان کە خوێنەری ئاسایی بتوانێ بێ گرێ و گۆڵ و موعەمما لێی تێبگا و لە مەبەستی حاڵی بێت، دوور لە فرەواتایی و لێکدانەوەی جۆراوجۆر. جا ئەمەش لەخۆیدا یەک لە خەسڵەتەکانی نووسینەوەی (ئەدەبی بیرەوەری) یە کە عەیامێکە کەسانێک کەوتوونە نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی ڕابردووی خۆیان.

دیارە ئەم کارەش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەشداریکردنە لە هێشتنەوەی چەمکێ لە مێژووی ئەو دەوروبەرەی خاوەنەکەی، بەڵام لێرەدا ڕاستگۆیی مەرجی بنەڕەتی ئەم کارەیە. عەلی کوڕی محەممەدی ناودار بە (گورگانی) کە عارەب بردوویانە بۆ خۆیان و بە (جورجانی) ناوی دەبەن (740-616 کۆچی) ، لە کتێبی (التعریفات)ـەکەیدا هێند ڕاستگۆیی بەلاوە مەبەستە، بە شەش جۆر تاریفی دەکات، یەک لەوانە: (الا یکون فی احوالک شیب، ولا فی اعتقادک ریب ، ولا فی اعمالک عیب)... ئەم بیرەوەریانەش خۆیان لەم تاریفە نێزیک دەکەنەوە، بەڵام خۆبەدەریش نییە لەوەی نەتوانرێ وردە سەرنجێکی سەرپێیی لێ بدرێ، بەتایبەتی ئەو وا دێتە قسان بەرامبەر خوێنەر، وەک پێی بڵێ (احگت بما لم تحگ بە)، ئەمەش بڕوایەکی ڕەهای نووسەرە کە مەرج نییە بێ لێکدانەوە بەسەر خوێنەری بەدیققەتدا تێپەڕێ .

تائیستا سێ کتێبی لەم بابەتی بیرەوەریانەی کەسانی شیوعیم خوێندووەتەوە، یەکیان هی محەممەدی مەلا ئەحمەدی گەرمیانی (حەمەی مەلا) کە ڕۆڵەیەکی گەڕەکی کانێسکان و شێخانی سلێمانییە، خۆپێگەیەنەر و شیوعییەکی سافیلکەی دڵسۆز بە وڵات و نەتەوەکەی، بێ ئەوەی لە جرتوفرت و مەرامی سەرووتر لەخۆی بگات. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەکەوێتە ئاڵمانی ڕۆژهەڵاتی ژێردەستی سۆڤیەتی جاران، ئیدی تاهەنووکەش هەر لە ئەورووپایە. بەڕاستییەکی بێ منەت، بێ باکانە شریتی بیرەوەرییەکانی دەداتە دەم یەک و ڕووداوگەلێکی پەنجاکان و شەستەکان دەگێڕێتەوە کە خوێنەری وریا سەرەداوی گەلێ ڕووداو و بەسەرهاتی ئەو ساڵانەی بۆ ساغ دەبێتەوە و ئینجا دەزانێ: ئەوە بۆ وابوو، بۆ وا چوو؟!

ئەویدی (بیرەوەرییەکانم)ی خودا لێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی کە وەک دەڵێن شیوعییەک بووە تا سەر ئێسقان، بەڵام نایشارمەوە لە خوێندنەوەیدا سۆزێکی گەورە و بەتین گرتمی بۆ ئەو ڕەنجەی کە کادرێکی وا سەرسەختی دڵسۆزی حیزبێ لە عێراقێکی پڕ لە ئاشووب و جەور و خوێن و دارماندا، بێ پەروا داویە و ئاروبەرەکەشی شکست لەدوای شکست ئاوقەدیان دەبوو .

بیرەوەریی سێیەم (65 ساڵ تەمەن لەنێو کاروانی خەباتگێڕیدا/ بیرەوەرییەکانم) ی ئەحمەد حامید قادر کادرێکی پلە سێی ناو حیزبی شیوعی (محەللی سلێمانی)یە کە لەمەدا خەسڵەتی بوێری و ڕاستگۆیی بەدە گمەن سەرەتاتکێمان لەگەڵ دەکەن، عیللەتی ئەمەش لە دوو خاڵدایە: یەکەم، پابەندبوونی نووسەرەکەی هەر لە سەرەتاوە تا حاڵی حازر بەحیزبەکەیەوە تا ئاستی دەروێشایەتی، مەگەر چلۆنها هەڵوێستێکی بەدڵ نەبووبێ. دووەم: پلەو پایەی نووسەر لە حیزبەکەیدا وەک کادرێکی ناوەند بەدرێژایی گشت قۆناغەکان، ئاگانەبوونی لە زۆر وردەکاری و چالاکی و ڕووداوی ناوخۆ و دەرەوەی ناو حشع .

ئەم سێ بیرەوەریانە دەتوانین خاوەنەکانیان بەوە پۆلێن بکەین کە لە بەرەی باڵی سەر بە مۆسکۆ (شیوعیە تەقلیدیەکە)ن ، ئەوانەی لە دواساڵەکانی شەستەکاندا ناوزەد دەکران بە (ڕیڤیژینیست/ تەحریفی) کە باڵێکی ڕادیکاڵی شۆڕشگێڕیان تێدا هاتە کایەوە بەناوی (قیادەی مەرکەزی) ، هەرچۆن بن بەگشتی ئەم حیزبە وەک گوتمان سەرتاسەر لە ڕاوەدوونان و ئازار و ئەشکەنجە و زیندان زیاتر چیتری لەو واقیعە تفتەی خەباتی خۆی نەدووریوەتەوە، هەر بۆ ئەوە بوون کە لەنێو بازنە گوڵینەدا شەهید لەدوای شەهیدیان بلاوێننەوە .

*** کلهم: ورود الحدائق تنتفرهم**
**وتنـتفر عشـره زمان**
**والليالي جنه صارت بسمهم**
**فاضت الـدنيا حنان ......**

کە شاعیر ئاوا حەسرەت دەکێشێ، کتومت دەڵێی ئەو واقیعەی ئەوان دەلاوێنێتەوە، ئەگەرنا لەم ماوە دوور و درێژەی خەباتیاندا وچانێک نەبوو کە تیایدا تامی دەسەڵات و حوکم بچێژن، بزانن ئاخۆ بەڕێوەبردنی وڵات لەگەڵ پرەنسیپە مارکسی – لینینییەکەیاندا لێکدیگیر دەبن و پێکەوە هەڵدەکەن، یان نا؟

فاروقی مەلامستەفا لە بیرەوەرییەکانیدا ڕووکارێکی تری حیزبی شیوعیمان پیشان دەدا، قوتاربوون لەو قاوغە کۆنەی حیزب و کاژفرێدانێکی پەیڕەو و پرۆگرامە کلاسیکەکە، بەخۆڕاپسکان لە هەیمەنەی ڕێنماییەکانی سۆڤیەتی جاران وەک (دەوڵەت و حیزب). ئەوەش دوای ئەو کارەساتە خوێناویەی کە لە کودەتای 8ی شوباتی 1963ی بەعسدا بەسەریاندا هات و جۆرە پاکتاوکردنێکی حیزبییان بەچاوی خۆ بینی. ئینکار ناکرێ، ڕابەرانی ئەم هێڵە تازەیە گەنجە خوێنگەرمەکان بوون و ئەو سەرکێشیانەش کە لە کاری ڕێکخراوەییاندا پەیڕەویان دەکرد ، بەڵام چونکە کەم بوون بۆیە ئێستە بوونەتە تەنیا بیرەوەری.

نووسەر دەیەوێ سەرەتا و کۆتایی ئەم ڕووکارە تازەیەمان بۆ بخاتە ڕوو، هەروەها چالاکیەکانیان لە کوردستان لەژێر سایەی شۆڕشی ئەیلوول، کەچی شتێکی ئەوتۆیان لە ناوەڕاست و باشووردا باس ناکات، ئەمەش پرسی ئەوە دێنێتە گۆڕێ کە ئاخۆ لەوێکانێ دوای سەرکێشییە سەرنەگرتووەکەی زۆنگاوەکانیان، هەبوون یان نا؟

**فاروقی مەلامستەفا لە بیرەوەرییەکانیدا ڕووکارێکی تری حیزبی شیوعیمان پیشان دەدا، قوتاربوون لەو قاوغە کۆنەی حیزب و کاژفرێدانێکی پەیڕەو و پرۆگرامە کلاسیکەکە، بەخۆڕاپسکان لە هەیمەنەی ڕێنماییەکانی سۆڤیەتی جاران وەک (دەوڵەت و حیزب)**

لەم بەدواداچوونەمدا دەمەوێ لەسەر ئەو خاڵانە بدوێم کە نووسەر هێناونیە سەر باس و تیلاییەکیان ئاراستە بکەم:-

(هەندێک لەو نووسەر و مێژوونووسانە کە بە مەبەستی جیاواز ستایشی سەرانی حکومەتی پاشایەتی عێراق دەکەن- ل 76).

بۆ ئەم خاڵە ئێمە دەتوانین هەر لە دووتوێی باس و ڕووداوەکانی ناو بیرەوەرییەکانی خۆیانەوە (ئەو سیانەی پێشتر و بەوەی فاتیح ڕەسووڵیشەوە) بگەینە ئەو بەراوردکارییەی لەنێوان حوکمی پاشایەتی و ئەوانەی لەسەردەمی کۆماریدا بەدوای یەکدا دەهاتن، بەئاسانی و هێمنی و بابەتیانە تا ئاستێکی باش سەروەریی قانوون و دیموکراسی بەیەکەمیانەوە دەبینین، هەر نەبێ ئەو ڕێوشوێنانەی دژ بە حیزبەکەیان دەگیرانە بەر، زۆر ئەهوەنتر بوون لەوانەی دوای 14/7/1958 تا 2003 دەرهەقیان دەکرا، ستەمێکی بێوێنەی خوێناوی هەتا ڕادەی قەلاچۆ، بەدرێژایی حوکمی پاشایەتی تەنیا چوار ئەفسەرە کوردەکان و سێ لە سەرکردەکانی خۆیان لەسێدارەدران. لە کودەتاکەی عەبدولکەریمەوە تا حاڵی حازر ئاخۆ چەند ملیۆن لە خەڵکی ئەم وڵاتە کوژران و بێسەروشوێن کران؟ ئەوە زیانی ماڵی و سامانی وڵات و میللەت هەر لە باسکردن نایەت. ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە: گۆڕینی حوکمی پاشایی لەم عێراقەدا چ خێرێکی بۆ گەلانی وڵاتەکە تێدابوو؟ ئەو گۆڕانکاریەی لەڕێی هێزە سیاسیەکانەوە، خەڵکە بێ ئاگا و نەزانەکەی بۆ کەوتبووە هەڵەکەسەما .

(لە مێژوودا تۆمار کراوە کە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، حاجی مەلا ڕەسووڵ ئاڵای داچەقیوی ئینگلیزی بەسەر سەرای سلێمانیدا هەڵکەند و فڕێیدایە سەر زەوی و ئاڵای کوردستانی لەجێگادا بەرز کردەوە کە ئاڵای حوکمەتی کوردستان بوو بە مەلیکیی شێخ مەحموودی نەمر- ل 77).

من کە تاڕادەیەک ئاگاداری مێژووی نێزیکی شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی حەفیدم و هەردوو دەوری حوکمدارییەکەی، لەو سەرچاوە و دۆکومێنتانەی بەردەستم کەوتوون، نەمدیوە و نەمبیستووە بەهەشتی حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژەیی (موخلیس 1835 – 1927 ) لە ڕۆژی 22/5/1919 دا کە چەکدارانی مەحموودخانی دزڵی (1870 – 1946) لە وێڵەدەرەوە هاتنە خوارەوە و شاریان گرت ، ئەم مامۆستایە بووبێ کە ئاڵاکەی ئینگلیزی لەسەر بینای حاکمی سیاسی (قوتابخانەی فەیسەڵییەی جاران) هێنابێتە خوارەوە. حاجی مەلاڕەسووڵ کەسێکی دیاری کۆمەڵایەتی بووە و بەشیعرە جوانەکانی ناسراوە، بەتایبەت چامەکەی سەبارەت بە (ئاژاوەگێڕییەکەی حیزبی ئیتیحاد و تەرەقی لە سلێمانی لە 1909) کە ئیدانەی دەکا و باس لەو کارەساتە دەکات کە بەسەر بنەماڵەی شێخاندا هات. (1)

(عومەر عەلی ئەفسەرێکی گەورەی سوپای عێراق و خاوەنی بیروڕای تۆرانی دژی کورد ، کرابوو بە موتەسەڕیفی سلێمانی ل- 80)

لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی پێشوودا لەچاو شارەکانی دیکەی عێراق، ئەو کاتەش سلێمانی بارێکی کەمێ ئاڵۆز و ناجێگیری هەبوو، لایەنە سیاسییەکان و دژایەتییان بۆ حوکمەت و سەرهەڵدانی کەسانێکی چەتە و ڕێگر و جەردەی وەک (سەید عەتا و خولەپیزە و هاوەڵانی و خولە قەویلەیی و...) بۆ چاککردنی ئەم ڕەوشە پێویستی بە کەسێکی ئیداری موحەننەک و بەتوانا هەبوو، تا هەم بە ئاقڵانە و لێزانینی ئیداری و هەم بە هێز بتوانێ لیواکە هێور بکاتەوە.

(عومەر عەلی بەکر ئاغا بەیرەقدار) لە کەرکووک لە ساڵی 1910 لەناو قەڵا لەدایک بووە، ئەفسەرێکی پایەبەرزی سوپا بوو، کە هاتە سلێمانی بەپلەی زەعیم ڕوکن بوو، لە کار و ئیدارەدا چاونەترس و یەکلاکەرەوە بوو، بە (وەکیلی موتەسەڕیف) ی سلێمانی دانرا. لە 17/9/1954 تا 16/5/1957 ، جا لە سەردەمی خۆیدا توانی لیواکە لەو تەنگوچەڵەمانە ڕزگار بکات، دەیان پرۆژە و کاری ئاوەدانکردنەوە جێبەجێ بکات، هەلی کاری زۆریش بۆ بێکاران بڕەخسێنێ، ئیدی ئەمانە چ پەیوەندییان بە بیروباوەڕی تۆرانییەوە هەیە؟ با کابرا تورکمانێکی ناو قەڵای کەرکووکیش بووبێت.

بەساڵاچووان و هاوزەمانانی حوکمی ئەو عومەر عەلییە لە سلێمانی گەلێ باشتر ئاگادارن لە کارەکانی لە گشت بوارەکاندا کە جێدەستی دیار بوو. د.فوئاد حەمەخورشید لەبارەیەوە دەڵێ: (عومەر عەلی سیاسەتی نەدەکرد ، بەڵکو ئەفسەرێکی پیشەیی مەسلەکی بوو، بۆیە خەڵکی لەسەر ڕژێمی پاشایی حسێبیان دەکرد ، بەمجۆرە ئەو پیاوانە و سەرکردە سەربازییانە ببوونە جێی ڕەخنە. لەکارەکانیدا لە سلێمانی، ناو بازاڕ و گەڕەکەکانی بەسەردەکردەوە، یەک لەوانە سەردانی بۆ قوتابخانەکەی مەلا نەجمەددین (کەشتیی نووح)، تەماشای کرد خەریکی دەرسگوتنەوەیە بە خەڵکی، دەستخۆشیی لێکرد و فەرمانی دا پاداشتێکی نەختینەی بۆ خەرج بکەن، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە، لەبری ئەوە داوای کرد کە نەهێڵێ خەڵکی بەردبارانی بکەن و سووکایەتیی پێبکەن! ئەویش لەو ڕووەوە فەرمانیدا بیپارێزن و هەر کەس ئەو بەدخوویە بکات بیگرن و سزای بدەن. لەو ئاسەوارانەی کە ماونەتەوە، کارکردنی بۆ قوتارکردنی شارەکە لەو قاوغەی گەڕەکەکان تێیدا گیریان خواردبوو، فراوانکردنی شار لەڕووی ئاوەدانییەوە بە ڕووکاری باکووری ڕۆژئاوایدا، کە ڕووکارێکی کراوەیە، هەتا فەرمانی دا بینای ماڵی پارێزگار لەسەر گردێک دروست بکرێ کە بە سێ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای شارەکەوە بوو (لە مشیراوا کە ئێستا بووەتە سەهۆڵەکە) و تائێستاش ئەو گردە بەو ناوەوەیە .

عومەر عەلی بەکر ئاغا لە 1974 لەگەڕانەوەیدا لە گەشتێکی بۆ لوبنان، لەسەر ڕێی بەغدا- ڕوتبە بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کردووە. (2)

(کاتێک کاکم لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەرچوو، من لە سەرەتایی بووم ، بەحەزی باوکم و حەزی کاکیشم خۆی لە کۆلێجی شەریعە لە بەغدا وەرگیرا و بەجبە و مێزەرەوە وێنەی خۆی بۆ ناردینەوە، بەڵام ساڵی یەکەمی شەریعەی تەواو نەکرد بە شیوعێتی هاتەوە سلێمانی- ل 90).

حەزدەکەم لەم خاڵەدا بچمەوە سەر بیرەوەرییەکانی مامۆستا (نووری عەبدوڵڵا ئاغجەلەری- مەلانووری ڕەحمەتی 1928 – 24/11/2014) کە لە سەرەتای چلەکاندا فەقێ دەبێت لە مزگەوتی باشچاوەش لای مامۆستا مەلا مستەفای سەفوەت، دەڵێت: (مەلا مستەفا زۆر خۆشحاڵ بوو کە زانیارییەکی تاڕادەیەک باشم لە جوگرافیا و مێژوودا هەبوو، عیززەدینی کوڕی لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوو، زۆر زیتەڵ دەردەکەوت- ل36). لە باسی وەرگرتنەکەی لە کۆلێجی شەریعەش، مامۆستا دەڵێ: (ڕۆژێک ڕاگر بانگی کردمە ژورەکەی خۆی، کە چووم خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای حاجی مەلاڕەسوڵ و عیززەدینی کوڕی دانیشتبوون، ڕاگر گوتی: کوڕم شێخ ئەناسی؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: دەیەوێ عیززەدینی کوڕی لێرە بخوێنێ، دەبێ تۆ چاودێریی بکەی، گوتم: بەهەموو خۆشییەکەوە... هەفتەیەکی نەبرد هەموو قوتابیانی ناسی و زانی بیروباوەڕیان چییە، خۆیشی مارکسی بوو، حەزی بە مشتومڕ و بیروڕا گۆڕینەوە دەکرد، کە دەچووین بۆ نانخواردن لەیانەی کۆلێج ئەیوت: (فلیسقگ مهدی کبە) کە ئەوکاتە وەزیری تەموین و سەرۆکی حیزبی ئیستیقلال بوو. دیار بوو باوکی زۆری لێ کردبوو لە شەریعە بخوێنێ، بۆیە هەر تا نیوەی ساڵ مایەوە، پاشان دەستی لێ هەڵگرت و گەڕایەوە. ل 64) (3) ... بەڵام ئەم شیوعییەتەی عیززەدین کە نووسەر و مامۆستا نووری باسی دەکەن، تا سەر نابێ و لە نووسینێکی خۆیدا لە بارەی شەهید مامۆستا کەمال ڕەشید حەوێزییەوە کە بەعس لە 1963 لە کۆیە شەهیدیان کرد، دەڵێ: (لە ساڵی 1949 لە بەغدا لە ڕێکخراوەکانی پارتیدا ئەو لێپرسراومان بوو) کەواتە دوای ئەم شەریعەیەی بە ماوەیەک بووەتە ئەندامی پارتی لە بەغدا. (4)


(میرزا برایمی سنگەر کە هاوڕێی باوکم و باوکی هاوڕێکانم بوو، خاوەنی سینەمای ڕەشید بوو- ل 92 )

کاک عەزیزی ساڵحی ڕەشید لە چاوپێکەوتنێکیدا پێیگوتم کە سینەما ڕەشید ماڵی (ساڵحی ڕەشە) لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستدا دروستیان کرد، لە 1948 تا 1954 بەگرێبەست درایە هەریەک لە میرزا برایمی سنگەر و عومەر قەززاز و جەمیل بەگ، کە لە 1954 گرێبەستەکەیان تەواو بوو. کاک عەزیز زانکۆ لە بەغدا تەواو دەکات، خۆی بەڕێوەبردنەکەی گرتووەتە دەست تا ساڵانێ لەمەوبەر کە تێکیاندا و شوێنەکەیان کردە دوکان و بازاڕی (ڕەشە مۆڵ). هەرچی سینەمای سیروانیشە، موڵکەکەی هی ماڵی حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا بوو، ئەوان سینەمای سیروانیان لێ دروستکرد و میرزا برایم و کەسێکی تر گرتیانە دەست و بەڕێوەیان دەبرد، سەرەتا سینەمایەکی هاوینە بوو، دوایی سەقفی بۆ کراو تا ئێستا ئەو سینەمایە ماوە/ چاوپێکەوتنی ڕۆژی 22/7/2017

لەدوای باسکردنی هەڵبژاردنی قوتابیان لە سانەویی سلێمانی و کێشەی (قادر ساڵح و ساڵح قادر) و ململانێی نێوان پارتی و شیوعی – ل 96، ئیدی باس لەو ململانێیە ناکات کە دواجار هەر لە نێزیک ئەو سانەوییەوە خوێنیشی تێدا ڕژا، سەرەتایەک بوو بۆ قۆناغێکی ترسناکی پەیوەندیی سیاسی لە نێوان لایەنگرانی ئەو دوو حیزبە و بەڵکو حیزبەکانی ناو عێراق بەگشتی، جا لەپڕ و بێ پێشەکی دێتە سەر (بەرەو خوێندن لە بەغدا - ل 99). یەک لەو باسە گرنگانەی کە بیری چووە یان نەیویستووە بەلایدا بچێ، وەک گوتم مەسەلەی سەرهەڵدانی دیاردەی توندوتیژییە لەنێوان حیزب و گرووپە سیاسییەکانی ناو عێراق، دیارە ئەمەش بەیەک لە خێر و بێرەکانی سەردەمی کۆماری دادەنرێ بۆ گەلانی عێراق!

***

**(1) بەیان ،گ، ژ 91 تشرینی یەکی 1983 . ل27 – سۆران مەحوی: حاجی مەلاڕەسووڵی دێلێژە.**
**(2) بڕوانە سایتی (الحوار المتمدن) 30/7/2014- د.فۆاد حمەخورشید: عمر علی بکر اغا ...**
**(3) مەلانووری ئاغجەلەری: بیرەوەرییەکانم لەنێوان بینین و بیستندا، چ شڤان، سلێمانی. لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین 2009**
**(4) کوردستانی نوێ ، ژ 7297 – 20/6/2017 . مستەفا ساڵح کەریم: لەیادی شەهیدانی 9ی حوزەیرانی سلێمانی.**




**شێوازی نووسینەوەی بیرەوەری هەر وا دەبێ، زمانێکی پوخت و ڕەوان، داڕشتنێکی سادە و ئاسان کە خوێنەری ئاسایی بتوانێ بێ گرێ و گۆڵ و موعەمما لێی تێبگا و لە مەبەستی حاڵی بێت**

# دوازدە کورتیلە چیرۆکی نووسەری ئیسرائیلی ئەلێکس ئیپستن

■ لە ئینگلیزییەوە: ژیوار جەوهەر



## سیزیف یاداشت دەنووسێت

خەمی منتان نەبێت، من مەحکومم بەمە. ئەوەی کە تێیناگەم تاشەبەردەکەیە.





## لە دەرەوەی زەمەن

لەناو ژوورەکەدا کە پەردەکانی دادراونەتەوە، لە دەرەوەی بارانەکە، تەختەخەوی کوڕەکەی ڕێکدەخات. زەمەن وەستاوە. خەون بە گەڕانەوەی کوڕە مردووەکەیەوە دەبینێ.




## ئالوودەبوون بە بەختەوەری

پیاوێک ناوی هەموو ئەو کەسانەی لەناو مۆبایلەکەیدا بوون، گۆڕیبوونی بە ناوی ئەو ژنانەی بەجێیانهێشتبوو. لەو کاتەوە، هەر کە مۆبایلەکەی زەنگی لێ دەدا، ئەگەر بۆ ساتێکیش بووایە، وەک منداڵێک بەختەوەر دەبوو.

## هیوا


لە گۆشەی ئایین، ڕۆبۆتۆکە نووسی: مرۆڤ.





## چیرۆکێکی خۆشەویستی تەقریبەن ئاسایی

لەجیاتی گوڵ، کوڕەکە چەترێکی شکاوی دیکەی بۆ کچەکە هێنا. کچەکە چەترە شکاوەکەی خستە ناو ئینجانەیەک و پڕی کرد لە ئاو. ڕۆژی دواتر چەترەکە کرابووەوە.



## پەناخوازەکان

کەشتییەکی ئاسمانیی کۆن و بێپەنجەرە بوو (نەیاندەتوانی دانەیەکی نوێ بکڕن). پێش ئەوەی بفڕن، ئەستێرەیان لەسەر بنمیچی ژووری نووستنی منداڵەکانیان کێشا.

## چۆنیەتی سەماکردن

''دەی با سەما بکەین'' کیژۆڵەکە وای گوت.

''نازانم سەما بکەم'' مەرگ وەڵامی دایەوە.

''ئەگەر دەستتم بدەیتێ'' کیژۆڵەکە پێشنیازی کرد، ''دەتوانم فێرت بکەم''.

''پێم وا نییە کاتمان هەبێت''، مەرگ گوتی ''هاکا زەنگی ئاگادارکردنەوە دەنگی لێوە هات''.

کیژۆڵەکە: ''هەرچی بێ، تۆ دەستەکانتم بدەیە. دەترسم بەتەنیا سەما بکەم''.




## دەربارەی هێزی ئەدەبیاتی ڕووسی

جارێکیان داپیرەگەورەم کتێبێکی تۆڵستۆی هێندە بە توندی داخست، لاپەڕەکانی پرپشکی ئاگریان لێ هەستا، پریشکەکانیش گەیشتنە پەردەکان و بڵێسەی ئاگر هەڵگیرسا و ماڵە هاوینەکەمان بوو بە خۆڵەمێش. من ئەم بەهرەیەی داپیرەگەورەم بۆ نەمایەوە، بەڵام جارێکیان هەوڵم دا چیرۆکێک بنووسم کە تێیدا هەموو شتەکان پێچەوانە ڕوو دەدەن: ماڵەهاوینەکە دەبێت بە خۆڵەمێش. پەردەکان گڕ دەگرن، پریشکێکی ئاگر لە لاپەڕەکانی ئانا کارنینا بەرز دەبێتەوە، ئیتر بەم جۆرە: داپیرەگەورەم کتێبەکەی هێند بە توندی داخست ئاگرەکە خامۆش بوو.




## بازنە

هەمدیس هەوڵم دا لە کافێدا بنووسم، بەڵام نەمتوانی، چونکە چاوەڕێی زەنگی ئاگادارکردنەوەی داهاتووم دەکرد. پیاوێکی قژ ماشوبرنجی کە لە مێزێکی نزیک مێزەکەی منەوە دانیشتبوو، گوتی: ''ناتوانم باوەڕ بکەم منداڵەکانم لێرە دەمێننەوە. شتی وا نابێت''. هاوڕێکەی لێی پرسی: ''ئەی بۆچی خۆت بەتەنیا ناڕۆیت؟'' پیاوەکە شانەکانی هەڵتەکاند و گوتی: ''لەبەر دایک و باوکم''.



## دوایین ڕێبەری نووسین

هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژە. بنووسە تا لاپەڕەکە شین دەبێت.



## مێژووی مانگ ڕەشنووسێکی دیکەی ڕۆمانێکی مەحاڵ

ساڵی ١٩٢٤ـە، هەمدیس. سەرەتای مانگی شەشە، هەمدیس. بەڵام فرانز کافکا لە کۆکین و هێنانەوەی خوێن وەستاوە. بارودۆخەکەی زۆر بە خێرایی گەشە دەکات. لە ناوەڕاستی مانگی حەوت داوای ئەو دەستنووسانە لە ماکس برۆد دەکاتەوە کە پێشتر پێی داوە؛ دەیەوێت دڵنیا بێ کە دەسووتێنرێن. لە مانگی نۆدا، دوای مۆتەکەیەکی دیکە، سەری سفر دەکا. دوای کەمتر لە ساڵێک بە بەلەم لە هامبۆرگەوە بۆ بۆینس ئایرس گەشت دەکا، بە نیەتی هەرگیز-نەگەڕانەوە. نامەکانی بۆ دۆرا دەگمەنتر و دەگمەنتر دەبن. لە پشتی دوایین فۆتۆگراف، کە بۆ ئەمی دەنێرێت، دەنووسێت: دیسێمبەری ١٩٣١. من و هاوڕێ باشەکەم لویس بۆرگاس. داوای دەستی خوشکەکەیم کرد. دواتر چەند بەشێک لە کتێبی پەیمانی کۆن دەنووسنەوە، ئیدی بەم جۆرە. پاشانیش نازییەکان ئەورووپا داگیر دەکەن، ئیدی بەم جۆرە. دواتریش، مانگ، هەمدیس—



## کۆتایی ناکۆکی، یان موعجیزەی کاتژمێرەکان

کچەکە خەڵکی ئێرەیە، کوڕەکە نا: ئێوارە بوو کە عاشق بوون، تەنها کاتژمێرەکان وەستابوون. (هەندێ نارێکی لە سووری مانگدا؛ جەستە تام ناخۆشەکەی مەسیح؛ ئەو بارانەی دەباری، بەڵام بە هیچ جۆرێک پەلەی نەبوو؛ لەوانەیە باشتر بێ ئەوە ڕوون نەکەمەوە کە چۆن دەکرێ شتی وا ڕووبدات). با بڕۆن، ملیان بشکێ، کچەکە، وای گوت، با بڕۆن، ملیان بشکێ، کوڕەکە وەڵامی دایەوە. (با بڕۆن، ملیان بشکێ، سیاسییەکان، سەربازەکان، تیرۆریستەکان، جووەکان، موسوڵمانەکان، مەسیحییەکان، ئەوانەی کەنارییەکان دەکەن بە کانی خەڵووز، شۆفێری تاکسییەکان، قومارچییەکان، گەشتیارانی ناو کات، ناو کەشتییەکان، ناو هێلیکۆپتەرەکان، تارماییەکان، خاوەنخانووەکان، ئەوانەی داوای مافی گەڕانەوە دەکەن، ئەوانەی دژی مافی گەڕانەوەن، زیندووەکان، مردووەکان، ئەوانەی لەگەڵ خۆپێشاندانن، ئەوانی دژی خۆپێشاندانن، ئەوانەی هەموو شتێکیان لە یادە، ئەوانی هیچ شتێکیان لە یاد ناچێت. هەر هەموویان بە نەفرەت بن.) ئەمە کۆتایی ئەفسانەکەیە: کاتێ هاوسەرگیرییان کرد، لە جیاتی گۆڕینەوەی ئەڵقە، چاویلکەی خوێندنەوەیان گۆڕییەوە.

# میزکردن لە چەرخی مزگەوتەکاندا

■ زاموا محەممەد

چەند ڕۆژێک پاش حەڤدەی شوباتی دووهەزار و یازدە، پاشنیوەڕۆکەی، کاتێک بەلای بەردەرکی سەرادا تێپەڕیم، هەستم کرد میزم دێت. بەرەو نزیکترین مۆڵی ئەو ناوە بەڕێکەوتم، تاکو لە یەکێک لە تەوالێتەکانیدا میزەکەم هەڵبڕێژم. حەز دەکەم لێرەدا گێڕانەوە بوەستێنم و بڵێم: ئەمە چیرۆکێکی سادەی مۆدێرنیستانە نییە کە لە کۆتاییدا کارێکتەرە تەنهاکە بگەڕێتەوە ماڵەوە و بخەوێت، وەک ئەوەی هیچ ڕووینەدابێت، شێوازێک کە بەتایبەت جیلە وێڵەکەی پاش جەنگ و باڵە سادە و ساکارەکەی مۆدێرنیزم، حەزیان لێبوو؛ بۆ نمونە هەمینگوەی بووایە کارێکتەرێکی دەخستینە بەردەم کە لە ئێوارەدا پاکەتەکەی جگەرەی تێدا نەدەما، پاشتر بەتەنیا دەچوو بەرەو مارکێتێک بۆ کڕینی جگەرەی تر، هاوڕێی گێڕانەوە، کەمێک وێنەی باقوبریقی گڵۆپی سەر شەقامەکان، کەمێکیش جووڵەی ڕێبوارەکان دەگوازرایەوە، دواتر کارێکتەرەکە دەچووە ناو مارکێتەکەوە و جگەرەیەکی دەکڕی، بەڵام بەر لەوە، دیالۆگێکی لەم چەشنە لەنێوان ئەو و فرۆشیارەکەدا دروست دەبوو: ''پاکەتێک سیگاری (بۆ نموونە با بڵێین مارلیبۆرۆی دەوێت) مارلیبۆرۆم دەوێت''.

فرۆشیار وەڵامی دەدایەوە: ''سەعاتەکە پیلی تێدا نەماوە''. دواتر کارەکتەرەکەی هەمینگوەی دەگەڕایەوە بەرەو ماڵ، کەمێک وێنەی گڵۆپ و شەقام و ڕێبوارەکان دەگوازرایەوە، ڕەنگیش بوو کارێکتەرەکە کەمێک بیر لە چاککردنەوەی جیهان بکاتەوە. حەتمەن هەموو ئەمانەش، بە عادەتی خۆی، هەمینگوەی بە پەخشانێک بۆی دەنووسینەوە کە هەموو دێڕەکانی بە (And) دەستیان پێدەکرد. دەگەیشتە ماڵەوە، دەچووە جێگاوە، دەخەوت، چیرۆکەکە لەپڕ تەواو دەبوو. پاشتریش، بەپێی سەلیقەی ئەوسای خوێنەر و ڕەخنەگران، ئەم دەقە وەک شاکارێک لەقەڵەم دەدرا. بەهەرحاڵ: میزەکەمم هەڵڕشت، لە تەوالێتەکە هاتمە دەرەوە و لە دەستشۆرەکە، بەدەم ژماردنی دەرگای تەوالێتەکانەوە کە لە ئاوێنەکەی بەردەممدا دەردەکەوتنەوە، دەستەکانم شووشت. شەش دەرگا بوون، فلات و ئەستوور و بێ پەنجەرە. گەنجێک، بە ڕیشێکی درێژ و شەرواڵێکی کورتەوە خۆی کرد بە ژووردا، من دەستشۆرەکەم جێهێشتبوو، بە کلینێکسێک دەستەکانم وشک دەکردەوە.

– سەلامو عەلەیکوم، برام.

– سەرچاو.

چووە یەکێک لە تەوالێتەکانەوە. چوومە دەرەوە. گەڕامەوە ژوورەوە، چونکە وەک هەموو جارێک، سەعاتەکەمم لە قەراغی دەستشۆرەکەدا دانابوو. دامکەندبوو تاکو تەڕ نەبێت، گەرچی وەک دەگوترا دژە ئاویش بوو. لەو شەش دەرگایە یەکێکیان داخرابوو، ئەوانی تریش لەسەر پشت؛ هەڵبەت کوڕە ڕیشدرێژەکە لەو تەوالێتەیاندا بوو کە دەرگاکەی داخرابوو. لەپڕ تەقەتەق و خشەخشێکی نائاسایی لەودیو دەرگاکەوە هات. زوو زانیم کێشەی چییە. تێگەیشتن لە مەسەلەکە تەنها پێویستی بە فیکرێکی سادەی فۆکۆییانە و خەیاڵێکی کاواباتاییانە هەبوو: لە مزگەوتەکاندا بەشی سەرەوەی دەرگاکان بە بۆشی جێدەهێڵدرێت بۆ ئەوەی خەڵکی ناچار بە دانیشتن بکرێن، تاکو بەپێوە میز نەکەن و لەنوێژ نەچن؛ لەوێوە فۆکۆ دەستپێدەکات. مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە کە ئەوانەی بە دانیشتنە زۆرەملێکەی تەوالێتەکانی مزگەوت ڕادێن، لە هەر تەوالێتێکی تردا میز بکەن، بۆی دادەنیشن جا دەرگای تەوالێتەکە سەری بۆش بێت یان نا. کاواباتا لەوێدا دەکەوێتە کار کە تۆ خەیاڵت بۆ ئەوە بڕوات ڕۆژێک لە ڕۆژان دینداریکی ئەوپەڕگیر، میز یان گوویەکی زۆری پێیە و ڕێی دەچێتە تەوالێتێکەوە کە سەرەوەی دەرگاکەی بۆش نییە، چی دەکات؟ حەتمەن دەبێت هەوڵ بدات کونێک بکاتە دەرگاکەوە. بە چی؟ بێگومان بە سیواکەکەی، چونکە هیچ شتێکی تری پێنییە بە کەڵکی ئەو کارە بێت. بەهەرحاڵ، با واز لە هەڵڕشتنی ئەو وردەکارییانە بێنم کە دڵنیام خوێنەری سادە لە گێڕانەوەیەکی فلاتی نیشاندانخوازدا ناتوانێت هەڵیانبهێنجێنێت: ئەی من چیم کرد؟ لە بەختی هاوڕێ گیرخواردووەکەماندا، چیرۆکی کڵێسای ئاندرێ مۆروام بیرکەوتەوە؛ بەهای مرۆڤ لەبەردەم بەهای کاری هونەریدا. دەرگای کراوەی تەوالێتەکەی تەنیشت تەوالێتی گەنجە ڕیشنەکەم داخست. قایشی پانتۆڵەکەمم لە کەمەرم کردەوە. بە قایشەکە کێلۆنی هەردوو دەرگاکەم توند پێکەوە بەست؛ بەم شێوەیە نە دەیتوانی بێتە دەرەوە و نە میزەکەشی بکات. لە مۆڵەکە هاتمە دەرەوە، ئیدی چەند شێوازێکم لەبەردەمدا بوو بۆ تەواوکردنی چیرۆکێک. دەکرا مەسەلەکە تەواو کاواباتاییانە دەربخەم و بنووسم: کاتێک دەرگای تەوالێتەکەیان کردووەتەوە، بینیویانە گەنجەکە وەک تەختەیەک ڕەق بووە، لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا چیدی نەیتوانیوە خۆی بگرێت و میزەڵدانی تەقیوە. یان دەکرا ناهونەرمەندانە خۆم بە کافکادا هەڵبواسم: کاتێک دەرگاکەیان کردووەتەوە، بینیویانە گەنجەکە بووەتە مێرووەیەکی زەبەلاح؛ پاڵکەوتوو لەسەر پشتی، لە قاچە فرە و باریکەکانی ڕوانیوە. بەڵام بڕیارمدا کاتێک چوومە ماڵەوە، بیر لە کۆتاییەکی باشتر لەو دووە بکەمەوە. بەڕێکەوتم بەرەو چوارباخ؛ چوارباخ شوێنێک نییە مرۆڤ بیری لێ بکاتەوە یان دەربارەی بنووسێت، بەس لانیکەم لە بازاڕەوە نزیکە.